حکومەتی غەزە: لە سەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدەوە ژمارەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس بە ٢٠٧ کەس بەرزبووەتەوە



نوسینگەی هاگیاندنی حکومەت لە کەرتی غەزە ئەمڕۆ دووشەممە هایگەیاند: لە سەرەتای دەستپێکردنی کەمپەینی ئیسرائیل لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ژمارەی کوژراوانی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی بە ٢٠٧ کەس بەرز بووەتەوە.

نوسینگەی حکومی لە بەیاننامەیەکدا هایگەیاند: دوای هاگیاندنی شەهیدبوونی ڕۆژنامەنووس محەمەد مەنسوور، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی فەڵەستین تودەی، لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی جینۆساید لە کەرتی غەزە، ژمارەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس بە ٢٠٧ کەس بەرزبووەتەوە.

نووسینگەکە "بۆئامانجگرتن و کوشتن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی لەلایەن ئیسرائیلەوە" ئیدانە کرد و داوای لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان لە سەرانسەری جیهان کرد "ئەم تاوانە سیستماتیکانەی دژ بە ڕۆژنامەنووسانی غەزە ئیدانە بکەن".

هەروەها "ئیسرائیل و ئیدارەی ئەمریکا و وڵاتانی هاوبەشی تاوانی جینۆساید، وەک شانشینی یەکگرتوو، ئەڵمانیا و فەرەنسا، بە تەواوی بەرپرسیارەتی لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە دەدانێن" زانی.

داوای لە کەمەگەی نەودەوڵەتی و ڕێکخراوە نەودەوڵەتییەکان کرد کە "فشاری کاریگەر بە هاگرتنی جینۆساید و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و پیشەییەکانی میدیا لە غەزە" بخەنگەڕ.